# ئو باتو لا الله وب ە شو هاوبش ب بار ندابت؛ ئوا دت بهشتو، وئو باتو لا الله وهاوبش ب بار دابت؛ ئوا دت دزخو

له جابری کوڕی عبداللەوه -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت : گوێم له پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- که دەیفەرموو : «ئەوەی بگاتەوه لای الله وبه هیچ شێوەیەک هاوبەشی بۆ بڕیار نەدابێت؛ ئەوا دەچێته بەهەشتەوه، وئەوەی بگاتەوه لای الله وهاوبەشی بۆ بڕیار دابێت؛ ئەوا دەچێته دۆزەخەوه».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوه]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوه دەکات لەم فەرموودەدا که ئەو کەسەی بمرێت وهیچ هاوبەشێکی بۆ خوای گەوره بڕیار نەدابێت ئەوا ئەم کەسه دەچێته بەهەشتەوه، ئەگەر لەدوای سزادانیشی بێت لەسەر تاوانەکانی، ئەگەر کەسێک بمرێت له سەر هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەوره به هەر شێوەیەک له شێوەکان بێت ؛ ئەوا دەچێته دۆزەخەوه.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3418

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee